دانیشتنی ٦ و٧

**ئیلهام وەرگرتن لە چیرۆکەکان - هێز وەرگرتن لە تاکتیک**

# تاکتیکەکان

## پۆستەری تاکتیک و چیرۆکەکان




THE LOCAL
CHANGEMAKERS
COURSE

# تاکتیکەکانی بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ





# تاکتیکە خێراکان

ئێمە تاکتیکە خێراکان بۆ چارەسەریی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بەکاردێنین کە بەرانبەر چەند کەسێکی دیارییکراو و لە شوێنی دیارییکراودا نزیکە ڕوودەن یان لە ئێستادا ڕوودەدەن. تاکتیکە خێراکان بۆ  پێشگیریی ئەو پێشلکارییانەی نزیکن ڕوودەن بەکاردێن، بۆ وەستاندنی ئەو پێشێلکارییانەی لە ئارادان و بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی زیانیان بەرکەوتووە، هەروەها بۆ داواکردنی یارمەتی و ئاگادارکردنەوەی مرۆڤەکان لە مەترسیی.

بارە لەناکاوەکان هەمیشە بەرفراوان نین- بەڵام دەبنە هۆی وتاری کیناوی لە ناو پاس بۆ شوێنی کار، کە بارێکی لەناکاوە بۆ ئەو کەسەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.
نموونەی'باری لەناکاو'ی ئازادیی ئایین یان باوەڕ؛ هەراسانکردن، وتاری کیناوی و تاوانی کیناوی- بۆ نموونە هێرشی زارەکی سەرهێڵی و ڕووبەڕوو، هاندانی توندوتیژیی، دەستدرێژیی، وێرانکردنی ماڵوموڵک، هێرشکردنە سەر شوێنەکانی پەرستن، توندوتیژیی کۆمەڵایەتی و دەستگیرکردنی هەڕەمەکیی.

# تاکتیک
# ڕێگری

تاکتیکەکانی ڕێگری هەوڵدان بۆ ڕێگری لە ڕوودانی پێشێلکارییەکان لە ڕەوشە تایبەتەکاندا دەگرێتەوە. بۆ کۆمەڵگەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، ئەمە زۆر جار بوونی ئامادەییەکی دیار و جەستەیی بۆ ڕێگریی پێشێلکارەکان دەگرێتەوە. دەکرێت ئەمە بریتی بێت لە یاوەریکردنی ئەوکەسانەی لە مەترسی هێرشکردنداندان، بۆ دەستەبەرکردنی سەلامەتی بە ژمارەیەک کەس یان یاوەرییکردنی کەسەکان بۆ بنکەی پۆلیس بۆ دڵنیایی لەوەی بەرپرسان ئاگاداربن کە چاودێریی دەکرێن و ڕاپۆرتیان لەسەر دەکرێت.

بۆ دەسەڵاتداران، ئەمە بە واتای دانانی سیستمی ناوخۆیی چاودێریی و ڕاپۆرتکردن دێت، ئەمەش بۆ دڵنیایی لەوەی پێشێلکاریی یان شکست لەلایەن بەرپرسانەوە دەبینرێن و بە شێوازێکی گونجاو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.




ئەندامی گرووپی ماچسۆم واچ لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ سەربازێکی ئیسرائیلی.

**PHOTO** EDDIE GERALD /ALAMY STOCK PHOTO

# گەواهیدەران لە بازگە سەربازییەکان، ئیسرائیل

لە ساڵی ٢٠٠١، سێ ژنی ئیسرائیلی بڕیاریاندا چاودێری هەڵسوکەوتی سەربازەکان لە بازگەیەکی سەربازیی ئیسرائیلدا بکەن، ئەمەش بەو هیوایەی کە ڕێگری لە پێشێلکردنی مافی ئەو فەلەستینیانە بکات کە لەنێوان کەناری ڕۆژئاوای داگیرکراو و ئیسرائیلدا دەپەڕنەوە. بەم شێوەیەش دەستپێشخەرییەکەیان گەشەی سەند و بوو بە ڕێکخراوی ماچسۆم واتچ کە لە ئێستادا ٣٠٠ ژنی خۆبەخشی هەیە و ڕۆژانە چاودێریی چەندین بازگە دەکەن.

کاتێک سەربازەکەن هەوڵی وەستاندنی ئەوکەسانە دەدەن کە دەپەڕنەوە یان دەست بەسەر ناسنامەکانیاندا دەگرن، چاودێرەکان بە هێمنی بەڵام پێکۆڵانە دەستوەردان دەکەن، ئەمەش کاتێک بزانن ئەم کارە جیاوازییەک درووست دەکات. ئەوان کاتێک شایەتی پێشێلکارییەکی گەورە دەبن، ئەوا سکاڵا دەبەنە لای ئەفسەرە باڵاکانی سوپا و هانی فەلەستینییەکان دەدەن کە هەمان کار ئەنجام بدەن. هەروەتر ئەوان ڕاپۆرتی وردی ئەو پێشێلکاریانە بڵاودەکەنەوە کە گەواهییدەری بوون.

سەرچاوە: تاکتیکە نوێییەکانی مافەکانی مرۆڤ *New Tactics in Human rights, www.newtactics.org*



'دیوارێکی ئاشتی' کە ناوچەی کۆماریی و دڵسۆزەکان دابەش دەکات، ئێرلەندای باکوور.

**PHOTO** ANDREW PARSONS / ALAMY STOCK PHOTO

# قسەکردن بۆ دیوارەکان، ئێرلەندای باکوور

لە ‘THE TROUBLES’ دا، زیاتر لە ٣٥٠٠ کەس گیانیان لەدەست دا- ٣٠ ساڵ توندوتیژیی سیاسی لە نێوان یەکێتییە پرۆتستانتەکاندا (کە دەیانەوێت ئێرلەندای باکوور لە بەریتانیادا بمێنێتەوە) هەروەها کۆمارییە ئێرلەندییە کاتۆلیکییەکان. ئەو کۆمەڵگایانە بە جیا دەژین، هەندێک جار لە ڕووی جەستەییەوە بە دیوارێکی ئاشتی ٣-٨ مەتر بەرز دابەش دەکرێن، ئەمەش بە ئامانجی کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان.

لە ماوەی کێشە و ئاستەنگەکاندا (١٩٦٨-١٩٩٨)، گومانەکان دەربارەی ئەوە بوون کە هەردوو دیوی دیوارەکاندا ڕووی دەدا و دەبوونە هۆی توندوتیژیی. ڕێکخراوی ئینتێرئاکشن بێلفاست لە هەردوو دیوی دیوارەکەدا تۆڕێکی خۆبەخشانی دامەزراند، ئامێری پەیوەندیی پێیان دا تا پەیوەندیی بە یەکترەوە بکەن. خۆبەخشەکان پەیوەندییان بە یەکترەوە دەکرد تاوەکوو لە پەرەسەندنی دۆخەکان ئاگادار بن و زانیارییەکان بگوازنەوە. پاشان ئەوان زانیاریی ورد و تەواویان بڵاودەکردەوە، ئەمەش گومانەکانی کەم دەکردەوە و ڕێگریی لە توندوتیژیی دەکرد، بەتایبەتیی لە بۆنە هەستیارەکاندا وەک نمایشە سیاسییەکان.

المصدر: تكتيكات جديدة في حقوق الإنسان

*New Tactics in Human rights, www.newtactics.org; Interaction Belfast,www.peacewall.org*

# تاکتیک
# وەستاندن و ڕزگارکردن

تاکتیکەکانی وەستاندن و ڕزگارکردن، دەستوەردانی دەستبەجێ بۆ وەستاندنی ئەو پێشێلکارییانەی نزیکە ڕوودەن، هەروەها پاراستنی سەلامەتی ئەو کەسانەی لە مەترسیدان دەگرێتەوە.

بەرەنگاریی و سەرقاڵکردنی ئەوکەسانەی بەشداری وتاری کیناوی یان هەراسانکردنن، شێوازێکی وەستاندنی پێشێلکارییەکانە کە لە شوێنە گشتییەکان و لەسەر هێڵ ڕوودەدەن. نموونەکانی تر بریتین لە درووستکردنی بەربەستی جەستەیی بۆ وەستاندنی پێشێلکارییەکان، بۆ نموونە بونیادنانی زەنجیری مرۆیی  بە دەوری شوێنەکانی پەرستن کە مەترسیان لەسەرە یان قەدەغەکردنی ئوتومبێلەکان لەسەر شەقام بۆ خاوکردنەوەی ڕەوتی توندوتیژیی بەکۆمەڵ، میلیشیا یان سەربازیی.  زۆرجار ئەم تاکتیکانە مەترسیی لەخۆدەگرن.




**PHOTO** R.M. Modi / Alamy Stock Photo

# پاراستنی هاوسەرانی نێوان ئاینەکان، هیندستان

لە هیندستان، سیستمی چینی نەریتی مرۆڤەکان بەسەر چوار چیندا دابەش دەکات کە ئاست و پێگەی جیاوازیان هەیە، لەگەڵ دەلیتییەکان (وەدەرنراوەکان). هاوسەرگیریی نێوان چینەکان و نێوان ئاینەکان بە توندی ڕەت دەکرێنەوە. یاسا دەڵێت کە پێویستە هاوسەرگیریی نێوان ئاینەکان ٣٠ ڕۆژ پێش ڕۆژی ئاهەنگەکە تۆمار بکرێت و خێزانەکان لە پلانی ئاهەنگەکە ئاگادار بکرێنەوە. چەندین هاوسەر لەم ماوەیەدا لە ترسی تۆڵەسەندنەوە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە دەژین. هەندێک دەوڵەتی هیندستان ئەو یاسایانەیان ناساندووە کە ئاین 'گۆڕین بە هۆی هاوسەرگیرییەوە' قەدەغە دەکەن، ئەمەش هاوسەرەکان دەخاتە مەترسی دەستگیرکردنەوە.

'مافی خۆشەویستی' هەڵمەتێکی پاراستنی هاوسەرانی نێوان چینەکان و نێوان ئاینەکانە. ئەوانە هاوکاریی بەدەستهێنانی پاراستنی پۆلیس و شوێنی مانەوەی سەلامەت و هاوکاریی یاسایی بۆ تۆمارکردنی هاوسەرگیریی و ڕاوێژکاریی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فشاردا پێشکەشی هاوسەرەکان دەکەن. ئەمە لەسەر بنەمای خۆبەخشیی لەلایەن دوو ڕۆژنامەنووسەوە بەڕێوەدەبرێت.

سەرچاوە: Newsclick, www.newsclick.in

# تاکتیک
# داواکردنی یارمەتی
# و ئاگادارکردنەوە

زۆرجار، ئێمە خۆمان هێزی ڕێگری یان وەستاندنی پێشێلکارییەکمان نییە. ڕەنگە پێویست بکات داوای یارمەتی لەوکەسانە بکەین کە کاریگەریی پێویستیان هەیە، وە ئاگادارکردنەوەی ئەوکەسانەی لە مەترسیدان، بەم ڕەنگەش دەتوانن سەلامەتی بەدەست بێنن.

هەروەها ڕەنگە داوای یارمەتی لە سەرکردەکانی کۆمەڵگە بکەین، لەوانەش سەرکردە ئاینییە ناوخۆیی و نیشتیمانییەکان- بۆ نموونە بۆ هاوکاریی هێورکردنەوەی گرژییەکان لە کۆمەڵگادا. هەروەها ئەگەر بەرپرسێکی گشتی بەشداریی پێشێلکارییەکان بکات یان دەستوەردان لە وەستاندنی پێشێلکارییەکدا نەکات، ئەوا ڕەنگە داوای یارمەتی لە سەرکردەیەکی سیاسیی یان بەرپرسی باڵاتر لە ئاستی ناوچەیی و نیشتیمانییدا بکرێت تاوەکوو دەستوەردان بکەن. هەروەها دەتوانین سود لە میدیا ببینین بۆ یارمەتیدان و فشارکردن لە بەرپرسەکان بۆ  دەستوەردان.



**PHOTO** MATYAS REHAK / ALAMY STOCK PHOTO

# داواکردنی یارمەتی  بۆ دوورکەوتنەوە لە پشێوی، هیندستان

لە ساڵی ٢٠٠٧، نەتەوەپەرستە هیندۆسەکان هەوڵیاندا نەخشەی پشێوییەکی کۆمەڵایەتی لە شاری پانیپات لە ویلایەتی هەریانادا دابڕێژێن. ئەوان بە نهێنی بتی خواوەندە هیندۆسەکانیان لەناو مەزگەوتێکدا جێگیر کرد تاوەکوو  مزگەوتەکە وەک شوێنێکی پەرستنی هیندۆسیی بناسێنن کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد خواوەندە هیندۆسەکان تیایدا سەریان هەڵدابوو، بەم شێوەیەش بیکەنە پەرستگایەک و هانی پشێوی بدەن.

لەمەڕ دۆزینەوەی بتەکان، سەرکردایەتی مزگەوتەکە درکی بە مەترسییەکە کرد و دەستبەجێ پەیوەندیی بە بەگات سیگ سێ دۆستییەوە کرد، کە ڕێکخراوێکە کار بۆ بەرەوپێشبردنی گفتوگۆی نێوان ئاینەکان و ئاشتی لە شارەکەدا دەکات. پێکەوە داوایان لە ئەندامانی کۆمەڵگەی ئیسلامی کرد تا ئارام بگرن و نارەزایەتی دەرنەبڕن، چونکە ڕەنگە لە وەڵامدا ئەمە ببێتە هۆی توندوتیژیی. ڕێکخرای نێوان ئاینەکان، سەرکردەکانی کۆمەڵگەی هیندۆسی کۆکردەوە تاوەکوو بتەکان لاببەن. بەم ڕەنگەش بتەکان بەڕێزەوە لابران و هیچ پشێوییەک ڕووی نەدا.

سەرچاوە: ناوەندی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا و عەلمانییەت



هەڵمەتی گوڵی سپی، میانمار

PHOTO BHRN

# هاودەنگی دەسەڵاتداران بەرەو هەنگاونان دەبات، میانمار

لە ٢٠١٩، گرووپێکی چەکداریی زیاتر لە ١٠٠ کەسی توندڕەوی نەتەوەپەرستی بوودایی لە یانگۆن هەڕەشەیان لەو موسوڵمانانە دەکرد کە لە ڕەمەزاندا لە سێ شوێنی نوێژکردنی کاتییدا کۆدەبوونەوە کە بە شێوەیەکی فەرمیی سزا درابوون. سەرکردە ناوخۆییە موسوڵمانەکان ناچار بوون بەیاننامەیەک واژۆ بکەن کە ڕەزامەندیی لەسەر نەکردنی نوێژی بەکۆمەڵ بدات، ئەمەش لەژێر فشاری گرووپەکەدا، بەم شێوەیەش دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان شوێنەکانی نوێژکردنیان داخست.

چالاکوانەکان و پیاوە ئاینییە بەناوبانگە بوودایییەکان دەستبەجێ بە سەرداننییکردنی کۆمەڵگا موسوڵمانە زیانلێکەوتووەکان وەڵامیان دایەوە و وەک ئاماژەیەک بۆ هاودەنگی گوڵی سپییان پێشکەش کردن. هەڵمەتی گوڵی سپی بە پلەی یەکەم لەلایەن چالاکوانانە گەنجە بوودایییەکانەوە پێشەنگایەتی دەکرا، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێزی زۆریان کۆکردەوە و بە شار و شارۆچکەکانی تردا بڵاوبوونەوە. لە هەمان کاتدا سەرکردەی ئاینەکان بۆ ئاشتی میانمار پەیوەندییان بە وەزارەتی کاروباری ئاینی و کەلتوورییەوە کرد و داوای کردنەوەی شوێنەکانی نوێژکردنیان کرد، ئەمەش لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەنجام درا.

سەرچاوە:کیاو وین، تۆڕی مافەکانی مرۆڤی بۆرما ، bhrn.org.uk





# تاکتیکەکانی گۆڕانکاریی

ئێمە تاکتیکەکانی گۆڕانکاریی بەکاردەهێنین بۆ کاریگەریی خستنە سەر بڕیاردەران. کەسی بڕیاردەر کەسێکە کە دەسەڵاتی گۆڕینی یاساکان، ڕێساکان و ڕێگاکانی کارکردنی هەیە. دەتوانرێت بڕیاردەران لە حکومەتدا بدۆزرێنەوە (لەوانەش سەرکردە نەریتییەکان)، یان لە دامەزراوە حکومییەکانی وەک خوێندنگە و نەخۆشخانە یان لە سیستمی دادوەریی و کۆمەڵگەی باوەڕیی و بازرگانییەکاندا بدۆزرێنەوە.

تاکتیکەکانی گۆڕانکاریی فشار دەخەنە سەر بڕیاردەران تاوەکوو ئەو کێشانەی مافی مرۆڤ چارەسەر بکەن کە کاریگەرییان لەسەرە. ئەم تاکتیکانە تیشک دەخەنە سەر بەهێزی نیگەرانی گشتی دەربارەی کێشەکان و چارەسەرییەکان پێشنیار دەکەن. هەروەها زۆربەی جار بۆ چارەسەری پێشێلکارییە درێژخایەنەکانی مافی مرۆڤ کە بەگوێرەی کارکردنی کۆمەڵگا بونیاد نراون بەکاردێن، بۆ نموونە بە گۆڕینی یاسا و ڕێسا و شێوازەکانی کارکردن.

تاکتیکەکانی گۆڕانکاریی چوار جۆرن: هەڵمەتەکان، داکۆکیی، هاندان و بەرەنگاریی.

# تاکتیک
# هەڵمەتەکان

هەڵمەتەکان دەربارەی گرتنەبەری هەنگاوی بەکۆمەڵن لەلایەن کەسانی ئاسایی بۆ دروستکردنی فشاری گۆڕانکاری. هەروەها بریتیین لە دژایەتیی ئاشکرای پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بە شێوازێکی زۆر ئاشکرا و تیشک خستنە سەر پاڵپشتی گشتی بۆ ئەو چارەسەرییانەی وا پێشنیارییان دەکەین.
بەدەستهێنانی سەرنجی میدیا بەشێکی گرنگی ستراتیژیی هەڵمەتەکانە. دەتوانرێت سۆشیاڵ میدیا وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ تیشک خستنەسەر بۆچوونی گشتی و کۆکردنەوەی بەشداریی گشتیی لە هەڵمەتەکاندا بەکاربێت.

هەڵمەتەکان هەموو جۆرەکانی ناڕەزایەتییەکان دەگرێتەوە: هەر لە داواکاریی و نووسینی نامەوە بۆ خۆپیشاندانی سەرشەقام و ناڕەزایەتی لە ڕێی وتنی گۆرانی و هونەری سەر شەقامەکان، کردەوە ڕەمزییەکانی وەک پۆشینی ڕەنگێکی دیارییکراوی جل و بەرگ یان بەکارهێنانی ئاماژەی دەستیی تایبەت، هەروەها هەنگاوە ڕێکخراوەکانی سەلامەتی لە ماڵەوە- وەکوو کوژاندنەوەی گڵۆپەکان یان ناڕەزایەتی لەڕێی لێدان لە مەجەڵ و قاپەکان لە کاتێکی دیارییکراوی ڕۆژەکەدا.




**PHOTO** SUDIPTA DAS / ALAMY STOCK PHOTO

هونەری نارەزایەتی سەرشەقام لە دەلهی

# هونەرمەندان نارەزایەتیی لەسەر یاساکانی رەگەزنامە دەردەبڕن، هیندستان

حکومەتی هیندستان یاسایەکی ناساندووە کە پێویستە هەموو کەسێک هاوڵاتیبوونی خۆی بسەلمێنێت. هەر کەسێک نەتوانێت، مەترسی لەدەستدانی رەگەزنامەکەی و دەستبەسەرکردنی هەیە. چەندین کەسی هەژار بڕوانامەی لەدایکبوونیان نییە. ئەم یاسایە بەسەر هەموو کەسێکدا جێبەجێ دەبێت، بەڵام یاسایەکی تری نوێ، رەگەزنامە بەو کەمینانە دەدات کە لە وڵاتانی دراوسێی زۆرینە موسوڵماندا مەترسی گۆشەگیرییان لەسەرە، وەک هیندۆس، سیخ و مەسیحییەکان. هەروەها ئەم یاسایانە پێکەوە بەو مانایە دێت کە موسوڵمانە هەژارەکان مەترسی بێدەوڵەتی و دەستبەسەرکردنیان لەسەرە.

هونەرمەندان لە سەرانسەری هیندستان لە نارەزایەتییە بەرفراوانەکانی دژ بە یاسا نوێیەکان بەشدارییان کردووە، ئەویش بە گۆڕینی پانتایی گشتی بە هەڵواسینی پۆستەرەکان و دروستکردنی هونەری سەر دیوارەکان و پەیکەر لە شێوەی نەخشەی هیندستان بە تۆڕی ئاسنینی زەبەلاح لەسەر داواکاریی خۆپیشاندەران.

سەرچاوە: جەزیرە

# تاكتیک
# داكۆكیی

داكۆكیكردن دەربارەی ڕازییكردنە و ئەمەش زۆر جار لەڕێی گفتوگۆی پشت دەرگا داخراوەكانەوە بە هێمنی ڕوودەدات. هەروەها سەرنج دەخاتە سەر بەدەستهێنانی پاڵپشتی بڕیاردەرەكان بۆ پێشنیارە تایبەتییەكانی گۆڕانكاریی یا بۆ ئەنجامدانی هەنگاوی تایبەت. داكۆكیكردنی سەركەوتوو دەخوازێت لەسەر بنەمای پەیوەندیی متمانە بونیاد بنرێت كە بە تێپەڕبوونی كات درووست دەبێت. جا تا چەندە ڕەوایەتیی و كاریگەریی كەسی ڕازیكەر زیاتر بێت، ئەگەری سەركەوتن زیاتر دەبێت.

ئەو گفتوگۆیانەی دەتوانن لە ڕازیكردنی بڕیاردەران یارمەتیدەر بن ئەمانەن:

- بەڵگەی كاریگەرییە نەرێنییەكانی كێشەكە و زانیاریی دەربارەی چۆنییەتی كاركردنی چارەسەرییە پێشنیاركراوەكە لە شوێنەكانی تر.
- تیشک خستنە سەر مەترسییەكان بۆ بڕیاردەرەكان و دامەزراوەكەیان ئەگەر ڕێگە بە بەردەوامەیی كێشەكان بدرێت- بۆ نموونە لەدەستدانی ڕێز و ناوبانگ.
- تیشک خستنە سەر سوودە سیاسییەكان یان ناوبانگ بۆ بڕیاردەرەكە لە دەستپێشخەریی بۆ پاڵپشتی گۆڕانكاریی.
- تیشک خستنە سەر بەهای بڕیاردەرەكە، ئەمەش وەک ئەكێكی ئەخلاقیی و یاسایی، كە متمانەی پاراستنی خۆشگوزەرانیی كۆمەڵگەی پێ بەخشراوە .



بالەخانەی پەرلەمان، کیرگیستان

**PHOTO** ROBERT WYATT / ALAMY STOCK PHOTO

# سەرکردە ئاینییەکان یەکدەگرن تاوەکوو کاریگەریی بخەنە سەر پەرلەمان، کیرگیستان

کاتێک لە ساڵی ٢٠١٢دا گۆڕانکاریی لە یاسای ئاینییدا پێشنیار کرا، سەرکردەکانی شەش گەورەترین کۆمەڵگەی ئاینیی لە کیرگیزستان بڕیاری کاردانەوەیان دا. ئەوان پێشتر ڕاهێنانیان لەسەر ئازادیی ئایین و باوەڕ پێگەشتبوو، سەرکردەکان دەیانزانی پێشنیارەکان پێشێلی چەندین لایەنی مافەکان دەکەن و مەترسی درووستبوونی گرژیی لەنێوان گرووپە ئاینییەکانیان لەسەرە. شەش کۆمەڵگەی مەدەنیی نامەیەکی هاوبەشیان بۆ کۆمسیۆنی دەوڵەت دەربارەی کاروباری ئاینی و پەرلەمان بڵاوکردەوە، کە داوایان دەکرد پێشنیاریی هەموارکردنەوەکان ڕەت بکەنەوە. پەرلەمانتارەکان ڕەچاوی نووسراوە هاوبەشەکەیان کرد و دژی هەموارکردنەوەکان دەنگیان دا.

سەرچاوە: ڤلادیسلاڤ هێگای. ئەنجوومەنی نێوان ئاینەکانی کیرگیزستان



تاوانکارەکان لەڕێی حکومەتەوە هێرش دەکەنە سەر شوێنەکانی پەرستن

**PHOTO** BPSOS

# داکۆکیی نێودەوڵەتیی بۆ کۆمەڵگە ناوخۆییەکان، ڤێتنام

بەشداریی کۆمەڵگەی مەدەنیی لە ئاستی نێودەوڵەتییدا دەتوانێت لە داکۆکیی و هەڵمەتی سەرکەوتوو بۆ مافی کۆمەڵگە ئاینییە ناوخۆییەکان بەشدار بێت. لە ڤێتنام، دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەوڵیانداوە دەست بەسەر ١٠٧ هێکتار دارستانی سنەوبەردا بگرن کە سەر بە پەرستگەیەکی کاتۆلیکییە بە ناوی ئابای تییێن ئان. هەروەها هەڵمەتی دەستبەسەرداگرتنی زەوی لەم ساڵانەی دواییدا چڕتر بووەتەوە.

لە ساڵی ٢٠٢٠دا، ئەو گرووپە ڕێکخراوانەی لەلایەن حکومەتی ناوخۆییەوە دامەزرابوون گەمارۆی کڵێساکەیان دا و هێرشیان کردە سەر قەشە و پیاوە ئاینییەکان، ئەمە بە مەبەستی ئەو ٥٩ هێکتار زەوییەی کە مابووەوە. هەروەها تەلەفزیۆنی دەوڵەت دەربارەی پەرستگاکە زانیاری ناڕاستی بڵاودەکردەوە و هەوڵی ناوزڕاندنی دەدا. لە وەڵامی ئەمانەدا، ڕێکخراوێکی ڕەوەندی ڤێتنامیی BPSOS پێشەنگایەتی هەڵمەتێکی داکۆکیی نێودەوڵەتیی و کاری میدیایی کرد، کە بووە هۆی بڵاوەپێکردنی گرووپەکە و نمایشێکی بەهێزی پاڵپشتی نێودەوڵەتیی.

سەرچاوە: BPSOS, www.bpsos.org



**PHOTO** PACIFIC PRESS MEDIA PRODUCTION CORP. / ALAMY STOCK PHOTO

# هەڵمەتی مافی بەخاک سپاردن، سریلانکا

لە مانگی نیسانی ٢٠٢٠دا، حکومەتی سریلانکا داوای سووتاندنی هەموو قوربانیانی پەتای کۆرۆنای کرد، ئەمە سەرباری ئەوەی ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانیی ڕایگەیاندبوو کە بەخاک سپاردن هیچ مەترسییەکی نییە. ئیسلام قەدەغەی جەستە سووتاندن دەکات. هەروەها تاوەکوو مانگی ئازاری ٢٠٢١ دوو لەسەر سێی قوربانیانی پەتای کۆرۆنا کەمینەکان بوون. چەندەها قوربانی خۆیان لە داوای چارەسەریی بە دوور گرت، ئەمەش لە ترسی دەستنیشانکردنی پەتاکە و سووتاندنی جەستەیان.

لە وەڵامی ئەو پابەندییانەدا، لایەنە سیاسییەکان و پارێزەران، ڕێکخراوە ئیسلامییەکان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە هەموو باوەڕەکانەوە دژ بە پرۆژە یاساکە سکاڵانامەیەکیان پێشکەش کرد. خۆپیشاندانی بەردەوام ئەنجام دران و یازدە خێزان پەڕاوەکەیان بردە دادگای باڵا. هەروەها سووتاندنی زۆرەملێی منداڵان بووە هۆی بەشداریی گشتی بەرفراوانتر و خەڵکی بە هەموو باوەڕەکانەوە باندی سپییان بەو دەروازانەدا دەبەستەوە کە سووتاندنەکەی تێدا ئەنجام دەدرا.

سەرچاوە: BBC news، alarabiya.net

# تاكتیک
# هاندان

تاكتیكەكانی هاندان ئاسانكاریی بۆ تاكەكان و ڕێكخراوەكان دەكات- بۆ نموونە خوێندنگە، خاوەن كار و بەرپرسە گشتییەكان، ئەمەش تاوەكوو بە دەستەبەركردنی هاندانێک بۆیان، كارێكی درووست هەڵبژێرن. هەروەها دەكرێت هاندانەكان دارایی بن یان بە شكۆ و ناوبانگەوە پەیوەندیدار بن.

بۆ نموونە، ئەو خەڵاتانەی دان دەنێن بە بەشداریی مامۆستایەک، سەرۆكایەتی خوێندنگە، سەركردەیەكی بازرگانی یان ئاینیی بۆ وەستاندنی گاڵتەپێكردن و جیاكاریی و ڕق، دەتوانن هاندەری پابەندیی بەو ئامانجانە بن.




PHOTO FRIEDRICH STARK / ALAMY STOCK PHOTO

# هاندان بۆ کۆتاییهێنان بە خەتەنەکردنی مێینە، سییێرا لیۆن

هەرچەندە لە ئێستادا کردەوەکە نایاساییە، بەگوێرەی خەملاندنەکان ٪۹۰ی ژنان لە سییێرا لیۆن ڕووبەڕووی خەتەنەکردنی مێینە بوونەتەوە- کە ئەمەش کردەوەیەکی کەلتووری نەریتییە کە زۆر پێش ئیسلام و مەسیحییەت ڕەگی داکوتاوە.

هەڵمەتکارە سەرەکییەکان لەگەڵ کۆمەڵگاکاندا بۆ ئاگادارکردنەوەی مەترسییە تەندرووستییەکانی خەتەنەکردنی مێینە کاردەکەن. هەروەها هەڵمەتکارەکان ئەو ژنانە دەناسنەوە کە خەتەنەکردنی مێینە ئەنجام دەدەن و هەوڵدەدەن ڕۆڵی ئەو ژنە ناوخۆییانە بگۆڕن. ئامانجەکەش دەستەبەرکردنی هاندانە بۆ ئەو ژنانە تاوەکوو لەو کردەوەیە دوور بکەونەوە، ئەمەش بە دۆزینەوەی سەرچاوەی داهاتی جێگرەوە و داهێنانەوەی ڕۆڵەکانیان وەک پارێزەری کەلتووریی لەڕێگەی ئەو نەریتانەی کە بڕیی تێدا نییە.

سەرچاوە: The Lancet

# تاکتیک
# بەرەنگاریی

هەندێک جار حکومەتەکان و خاوەن دەسەڵاتە ئاینییەکان و خاوەن دەسەڵاتەکانی تر ڕێگریی دەکەن لەوەی خەڵک بەشێوەیەکی ئاشتیانە کار بە مافە مرۆییەکانیان بکەن. بەرەنگاریی بریتییە لە کارپێکردنی مافە مرۆییەکانمان، ئەمەش سەرباری نەریت، سنووربەندیی و قەدەغەکردنە نافەرمیی و یاساییەکان. ڕەنگە خۆپیشاندەرە نایاساییەکان باوترین نموونەی ئەمە بن. نموونەی تری بەرەنگاریی، کۆمەڵگە ئاینییەکانن کە سەرباری قەدەغەی نافەرمیی یان نایاسایی، بەردەوامن لە کۆبوونەوە بۆ مەبەستی پەرستن، هەروەها هاوسەرانی نێوان ئاینییەکان کە سەباری قەدەغەکردن و گوزارشتی ئاشکرا بەڵام قەدەغەکراوی بۆچوونەکانیان، هاوسەرگیریی دەکەن (بۆ نموونە لە هەندێک چوارچێوەدا بیروباوەری بێباوەڕەکان). زۆر جار ئەم تاکتیکانە زۆر مەترسیدارن.



**PHOTO** ASIANET-PAKISTAN / SHUTTERSTOCK


# شوێنی سەلامەت بۆ ژنانی ڕەگەزگۆڕاو، پاکستان

زۆربەی جار کەسانی ڕەگەزگۆڕاو لە پاکستان لەلایەن خێزانەکانیان ڕەت دەکرێنەوە و بەم شێوەیەش بە ناچاریی لەڕێی دەرۆزەکردن و سەماکردن و لەشفرۆشیی ژیان دەکەن. هەرچەندە هیچ سنووردارییەکی فەرمیی بۆ کەسانی ڕەگەزگۆڕاو نییە تاوەکوو سەردانی شوێنەکانی پەرستن بکەن، بەڵم دیسانەوە کەسانی ڕەگەزگۆڕاو لەو شوێنانە دوور دەخرێنەوە.

لە پەراوێزی ئیسلام ئابادا، ژنێکی ڕەگەزگۆڕاو بەرەنگاریی نەریتەکانی کردووە، ئەمەش بە کردنەوەی یەکەم قوتابخانە بۆ کەسانی ڕەگەزگۆڕاو، هەروەها دەستەبەرکردنی پانتاییەکی سەلامەت بۆ بەدەستهێنانی پەروەردە و قوڵکردنەوەی باوەڕیان. هاوکات قەشەیەکی ژن لە کەراجی یەکەمین کڵێسای بۆ کەسانی ڕەگەزگۆڕاو لە ناو ماڵەکەی خۆیدا کردەوە، ئەمەش کاتێک بەرپرسانی کڵێسا ڕێگەیان پێ نەدا شوێنەکانی پەرستن بەکاربهێنێت.

"کاتێک دەچینە کڵیساکانی تر، داوامان لێ دەکەن پێش چوونە ژوورەوە پرچمان ببڕین"

سەرچاوە: جەزیرە gandhara.rflerl.org





# تاکتیکەکانی بونیادنان

تاکتیکەکانی بونیادنان دەربارەی کاری درێژمەودان بۆ بونیادنانی 'کەلتووری' مافەکانی مرۆڤ. ئەمەش بە واتای کارکردن بەرەو کۆمەڵگایەک کە هەمووان:

- بزانن هەموومان خاوەن چ مافێکی مرۆڤین.
- ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بە ئاسایی و ڕاست ببینن.
- لە ڕۆڵی خۆیان بۆ ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ تێبگەن- بۆ نموونە وەکو مامۆستایەک، ئەفسەری پۆلیس، یاسادانەرێک، بازرگانێک یان سەرکردەیەکی ئاینیی.
- بزانن چۆن بۆ مافەکانی خۆیان و مافی ئەوانی تر بووەستنەوە و کاتێک مافەکانیان پێشێل دەکرێت چی بکەن.

بونیادنانی ئەم جۆرە کەلتووەرە پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە بونیادنانی هۆشیاریی، بەشداریی، کارامەیی و تۆڕی پەیوەندیی دەگرێتەوە، ئەمەش لە نێوان خەڵکی گشتی و هەموو دەزگا تایبەتی و گشتییەکانی کۆمەڵگادا. هەروەها بونیادنانی تاکتیکەکان پێشمەرجی بۆ گۆڕانکاریی درووست دەکەن، ئەمەش لە شێوەی هۆشیاریی، بەشداریی، هاوڵاتیی و دامەزراوە بەهێزکراوەکان.

# تاکتیک
# بونیادنانی هۆشیاریی

هۆشیارکردنەوەی هەموو کۆمەڵگا دەربارەی مافەکانی مرۆڤ یەکەم هەنگاوی بەرەو بونیادنانی کۆمەڵگەیەکە کە نرخی ئەو مافانە بزانێت. زۆربەی جار مرۆڤەکان نازانن چ مافێکیان هەیە- جا چ بەگوێرەی پێودانگە نێودەوڵەتییەکان بێت یان بەگوێرەی یاسای نیشتیمانی. ئەم کێماسییەی هۆشیاریی وا دەکات مرۆڤەکان کردەوە سووکایەتیپێکەرەکان پەسەند بکەن، پشتگوێی بخەن یان بەرگەی بگرن کە لەلایەن حکومەت، چینی دەسەڵاتدار یان دەسەلاتەکانی تری کۆمەڵگەوە ئەنجام دەدرێن.

ئەم تاکتیکە بریتییە لە بونیادنانی هۆشیاریی ئەمانەی وا دێن:

- مافەکانی مرۆڤ وەک چەمکێک
- ئەو پاراستنەی خەڵک لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا خاوەنیانن
- ئەو پرسە زۆرانەی مافی مرۆڤ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی کەسانی ئاسایی هەیە

بونیادنانی هۆشیاریی یەکێکە لە تاکتیکە زۆر باوەکان بۆ پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ. گەورەترین بەرەنگارییش لە هاوکارییکردنی خەڵکدایە بۆ درککردن بە گرنگی مافەکانی مرۆڤ بۆ ژیانی خۆیان و چۆنییەتی بەکارهێنانی مافەکانی مرۆڤ وەک ئامرازێکی یاریدەدەر بۆ زاڵبوون بەسەر پێشێلکارییەکاندا.



PHOTO GUISEPPE MASCI / ALAMY STOCK PHOTO

# هۆشیاریی بۆ بونیادنانی ئاشتی، تانزانیا

کاتێک مەسیحییەکان لە گوندی کیانگا کڵێسایەکیان درووست کرد، هەندێک ئەندامی کۆمەڵگای زۆرینە موسوڵمان وەک نارەزایەتییەک مزگەوتێکی جێگرەوەیان لە بەردەمیی کڵێساکەدا درووست کرد، هەرچەندە گوندەکە چەند مزگەوتێکی تریشی تێدا بوو. ناکۆکی بەردەوام لەنێوان کڵێساکان و ئەو موسوڵمانانەی بۆ نارەزایەتیی کۆببوونەوە سەری هەڵدا و بەهۆی هەڵدانی تۆپەڵەی قورەوە بۆ یەکتر توندوتیژیی جەستەیی لێ کەوتەوە.'

ناوەندی نێوان ئاینەکانی زانزیبار لیژنەیەکی لەناو گوندەکەدا ڕێکخست کە چەند مانگێک ماندوونەناسانە بۆ کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکان کاریان دەکرد. ئەوان خەڵکیان دەربارەی ئازادیی ئایین یان باوەڕ فێر دەکرد و گرنگی ئەمەیان ڕوون دەکردەوە. لە کۆتاییدا، کۆمەڵگاکان بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە ڕەزامەند بوون.

"تعمل اللجان المشتركة بين الأديان جاهدة لتوفير التربية على بناء السلام بين المسلمين والمسيحيين هنا في زنجبار ".هدايا دود ,عضو في مركز زنجبار للحوار بين الأديان

سەرچاوە: ناوەندی نێوان ئاینەکانی زانزیبار




داليا و ڕوەیدا نوێژ دەکەن.

PHOTO TAADUDIYA

# نویژکردن پێکەوە، لوبنان

له سالی ٢٠١٥، دالیا که ژنێکی شیعەیە لە بەیروت، ویستی بەرەنگاریی بیرتەسکەکان و دابەشبوونی نێوان موسوڵمانە شیعە و سووننەکان ببێتەوە. لە ماڵپەڕی فەیسبووک، پرسیاری کرد داخۆ هیچ ژنێک هەیە ئارەزوو بکات لە مزگەوتێکی شیعە و مزگەوتێکی سووننە لەگەڵیدا نوێژ بکات. ڕوەیدا وەڵامی دایەوە و هەردووکیان پێکەوە بەشداریی نوێژەکانیان کرد و وێنەی هەردوو سەردانەکەیان لە فەیسبووک بڵاوکردەوە.

هەردووکیان وەڵامی جیاوازیان وەرگرت بەڵام لە دروستکردنی هۆشیاریی و ڕاکێشانی سەرنج بۆ مشتومڕی بیرتەسکەکان سەرکەوتوو بوون. پاش نۆ مانگ، دالیا لەلایەن پیاوێکی سعودییەوە پەیوەندیی پێوە کرا کە لە میسر دەژیا و دەیخواست بیرۆکەکەی لەگەڵ هاوڕێیەکی مەسیحیدا کۆپی بکات.

> ڕوەیدا دەڵێت: "مرۆڤ پێویستە هەنگاوێک بنێت. هەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگادا لە یەک کەسەوە دەست پێ دەکات."

سەرچاوە: تعدديةwww.taadudiya.com

# تاکتیک
# بونیادنانی بەشداریی

ئەم تاکتیکە دەربارەی هاوکارییکردنی خەڵکە تاوەکوو لە ئاستی هۆشیاربوونەوە ببنە کەسانی چالاک. ئەمەش بریتییە لە فراوانکردنی بناغەی ئەو کەسانەی دەیانەوێت بە بەکارهێنانی هەر تاکتیکێک بێت بۆ پەرەدان بە مافەکانی مرۆڤ قسە بکەن و کار بکەن. هەروەها ڕەنگە ئەمە بە مانای درووستکردنی ڕێگاکانی بەشداریی خەڵک بێت لە کاردانەوە و ڕیپۆرتکردنی ئەو پێشێلکارییانەی دەیبینن، هەروەها بەستنەوەی خەڵک بە هەڵمەتەکانی چالاکیی یان هاندانی خەڵک تاوەکوو خۆبەخشانە بەشداریی لە پڕۆگرامەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگەدا بکەن یان ئەو پڕۆگرامانەی پاڵپشتی دەروون کۆمەڵایەتی و ماددی بۆ قوربانییەکان فەراهەم دەکەن.



PHOTO PROSTOCK-STUDIO / SHUTTERSTOCK

# چالاککردنی خەڵک بۆ پیشاندانی هاودەنگی، کەنەدا

لەم ساڵانەی دوایدا هێرشکردنە سەر شوێنە ئاینییەکان بەرزبوونەوەیەکی جیهانی بەخۆیەوە بینیوە. دوابەدوای هێرشکردنە سەر مزگەوتێک لە کیوبیک، مزگەوتەکانی تۆرۆنتۆ (شارێکی تری کەنەدایە) بە زنجیری ئاشتی دەورەدران کە لەلایەن کەسانی پەرستگا و کەنیسە و کڵێسا ناوخۆییەکانەوە بۆ پیشاندانی هاودەنگی پێکهێنراون. بیرۆکەکە لە گەنجە موسوڵمانەکانی نەرویجەوە وەرگیراوە کە پەرستگایەکی جولەکەکانیان بە زنجیری ئاشتی دەورە داوە، ئەمەش پاش هێرشێک بۆ سەر پەرستگایەک لە وڵاتی دانیمارکی دراوسێیان.

" بۆ بینینی کەسانێک لەوێ- جولەکەکان، مەسیحییەکان و کەسانی ئاینەکانی تر و ئەو کەسانەی هیچ ئاینێکی دیارییکراویان نییە بەڵام لە ڕاستیدا گرنگیی بە کۆمەڵگەی موسوڵمانان دەدەن، لە ڕاستیدا دڵنیاکەرەوەیە. "
ئیلیاس ئالی، یاریدەدەری ئیمام، ناوەندی زانیاریی و دەعوەی ئیسلامیی، تۆرۆنتۆ.

سەرچاوە: CBC News

# تاکتیک
# بونیادنانی کارامەییەکان

زۆربەی جار، کەسانی نییەت پاک، کێماسیی کارامەیی یان متمانەبەخۆبوونیان بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ هەیە. ئەمەش کەسانی ئاسایی دەگرێتەوە کە پێویستیان بە کارامەیی و متمانە هەیە لە بەرەوپێشبردنی مافەکان لە کۆمەڵگادا. بەڵام ئەمە بەرپرسە گشتییەکان و کارمەندانیش دەگرێتەوە، هەروەها کۆمەڵگەی ئاینی و بازرگانەکان کە بەرپرسیارن لە باش کارکردن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەروەها بۆ ئەو چوارچێوانەی کە تێیدا خەڵکی بە ئاسانی ڕووبەڕووی پێشێلکردنی مافەکانیان دەبنەوە.

هەندێک جار پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەردەوام دەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سەرکردەکانی کۆمەڵگە و بەرپرسەکان شتەکان بەو شێوەیە ئەنجام دەدەن کە هەمیشە ئەنجام دراون و نازانن چۆن بە شێوازێکی جیاواز ئەنجامی بدەن- بە جۆرێک یارمەتیدەری پاراستنی مافەکان بێت. هاوکاریی مرۆڤەکان بۆ بەدەستهێنانی کارامەییەکان و دۆزینەوەی ڕێگای نوێ و کرداریی و ڕاستەقینەی کارکردن کە باشتر مرۆڤەکان لە زیان دەپارێزێت، تاکتیکێکی گرنگی گۆڕانکارییە.



ژنێکی ڕەسەن بەشداریی فێستیڤاڵی نەریتی دەکات، مەکسیک.

**PHOTO** ARTERRA PICTURE LIBRARY / ALAMY STOCK PHOTO

# فێربوونی کارامەییەکان بۆ بەرگرییکردن لە مافەکان، مەکسیک

تۆڕی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی کۆمەڵگا ڕاهێنان بە ئەندامانی کۆمەڵگای ڕەسەن دەکات کە لەلایەن کۆمەڵگە گوندنشینە هەژارەکانەوە هەڵبژێردراون بۆ چاودێریی و داکۆکیی مافە مرۆییەکانیان. ئەوان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و کارامەیی کردارەکیی وەک فۆتۆگرافی و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ڕاهێنانیان پێ گەشتووە.

کاتێک پێشێلکاریی ڕوودەدات، گەواهیدەرەکان کۆ دەکەنەوە، بەڵگەی ڤیدیۆ و وێنە کۆدەکەنەوە و سکاڵاکان پێشکەش بە حکومەت دەکەن و ڕۆژنامە و گرووپەکانی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئاگادار دەکەنەوە. هەروەها داوای ئازادکردنی ئەو کەسانە دەکەن کە نارەوایانە دەستبەسەر کراون و دەزانن چۆن داواکاریی بۆ ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی تۆمار بکەن کاتێک پێشێلکردنی مافەکانیان نزیکە ڕوویدات. هەروەها ئەزموونی ئەوان دەریدەخات کە کۆمەڵگا پەراوێزخراوەکان دەتوانن بەشداری بەرگرییکردن لە مافەکانی خۆیان بن.

سەرچاوە: تاکتیکە نوێیەکانی مافەکانی مرۆڤ، www.newtactics.org

# تاکتیک
# بونیادنانی تۆڕەکان

توێژینەوەکان دەری دەخەن کە گۆڕانکاریی لە ڕێگەی تۆڕی ئەو کەس و ڕێکخراوانە بە باشترین شێوە بەدەست دێن کە هەنگاوی ڕێکخراو و پێکەوەیی و تەواوکار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی هاوبەش دەنێن. هەروەها دەتوانرێت تۆڕەکان لەنێوان خەڵک و ڕێکخراوەکان لەناو کۆمەڵگاکاندا بونیاد بنرێن، بەڵام تۆڕەکان دەشتوانن ڕێکخراوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی بە ئاستی نیشتیمانیی، هەروەها ئاستی نیشتیمانیی بە ئاستی نێودەوڵەتییەوە ببەستنەوە.

درووستکردنی هاوپەیمانی لە سەرپاکی کۆمەڵگاکاندا یان لەنێوان کەرتەکاندا- بۆ نموونە هاوپەیمانیی لەگەڵ کۆمەڵگەی بازرگانیی یان لەنێوان کۆمەڵگە ئاینییەکان- دەتوانێت جۆرێکی نوێی کاریگەریی درووست بکات. جا تا چەند تۆڕەکە بەرفراوانتر بێت- مەودای کارەکان گەورەتر دەبێت و کاریگەریی و ڕەوایەتی زیاتر دەبێت. هەروەها تۆڕەکان یارمەتیدەرن بۆ شکاندنی ئەو گۆشەگیرییەی کە لەلایەن ئەو تاک و ڕێکخراوانەوە هەستی پێ دەکرێت کە کار بۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەن و هاوکاریی کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانە دەکەن کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.



**PHOTO** IRAQI WOMEN’S NETWORK

ئەمەل کەباشی، ڕێکخەری تۆڕی ژنانی عێراق

# پەیوەندی تۆڕەکی لەپێناو مافی ئافرەتان، عێراق

لە کاتی دارشتنی دەستووری عێراق لە ٢٠٠٤، دادگای باڵای عێراق فەرمانی ١٣٧ی پێشنیار کرد کە تێیدا دەسەڵاتی دادوەریی شەریعەتی وەک بنەمای یاسای باری مەدەنی کەسیی چەسپاندووە. تۆڕی ژنانی عێراق کۆمەڵەیەکی بەرفراوانی نیشتیمانییە کە زیاتر لە ١٠٠ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگرێتەوە. ئەم تۆڕە بانگەشەی ئەوە دەکات کە فەرمانەکە جیاکاریی بە دامەزراوەیی کردووە و ڕەوایەتی بە هاوسەرگیریی منداڵ و کوشتنی شەرەف دەدات. تۆڕەکە هەڵمەتێکی گەورەی نارەزایەتیی و داکۆکیی ڕێکخست تاوەکوو مادەکەیان کشاندەوە. ئەمڕۆ هۆشیاریی ژنان لە مافەکانیان بەرز دەکەنەوە و هانی ژنان دەدەن تاوەکوو خۆیان بۆ هەڵبژاردنە ناوخۆیی و نیشتیمانییەکان هەڵبژێرن و ڕاهێنان بە ژنان دەکەن بۆ ئەوەی هەڵمەتە سیاسییەکان بەڕێوە ببەن.

> " کارکردن پێکەوە هێزی ڕاستەقینەمان پێ دەبەخشێت.  دەنگێکی بەرزترمان لە داواکردنی مافەکانمان پێ دەبەخشێت و یارمەتیمان دەدات کە دادپەروەری ڕاستەقینە بەدەست بێنین. "
> ئەمەل کەباشی، ڕێکخەری تۆڕی ژنانی عێراق

سەرچاوە: کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ژنان بۆ ئاشتی و ئازادیی www.wilpf.org




ژنانی ئاوکێش لە گوندێکی شاری چاتیسگار

PHOTO JOERG BOETHLING / ALAMY STOCK PHOTO

# بەرگرییکردن لە مافەکان لە چاتیسگار، هیندستان

دوای بەشدارییکردن لە ڕاهێنان سەبارەت بە ئازادیی ئاین یان باوەڕ، نزیکەی ٢٥ کەس لە ویلایەتی چاتیسگار لە هیندستان گرووپێکیان پێکهێنا کە بە بەردەوامیی کۆدەبنەوە و بۆ پاراستنی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بۆ کۆمەڵگە مەسیحییەکان لە ویلایەتەکەدا کاردەکەن.

کەمینە ئاینییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو ئەزموونی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە ناوچە گوندنشینەکانی هیندستاندا دەکەن. لە شاری چاتیسگار، کەسێکی گەڕاوە بۆ ئاینی مەسیحی ڕووبەڕووی ئاستەنگ بوویەوە، ئەمەش کاتێک ئەندامانی گوندەکەی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەتکردنەوەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک خواردن و ئاو کۆبوونەوە، ئەمە وەک ڕێگەیەک تاوەکوو ناچاری بکەن گوندەکە جێ بهێڵێت. بە بیستنی ئەمە، گرووپەکە چوونە لای گوندنشینانی ناوچەکە و دەربارەی ئازادییە دەستوورییەکانی پیاوەکە قسەیان بۆ کردن، ئاماژەیان بەوە دا کە بە ئامانجگرتنی کەسەکان بەهۆی ئاینەکەیانەوە کارێکی نایاسابییە. هەروەها وەک پارێزەرێک پەیوەندییان بە پۆلیسەوە کرد تاوەکوو لەبارەی پێشهاتەکانەوە ئاگاداریان بکەنەوە. لە کۆتاییدا، گوندنشینەکان بڕیاریاندا لە پلانەکانیان پاشگەز ببنەوە.

سەرچاوە: Stephanus Alliance International, www.stefanusalliansen.no





# تاکتیکەکانی چاکبوونەوە

کاریگەریی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ زۆر زیاتر لەو ئازارە دەستبەجێیە دەخایەنێت کە بەهۆی خودی پێشێلکارییەکەوە درووست بووە. دەکرێت ژیان و کۆمەڵگاکان بەهۆی تراوما و سەختی ئابوورییەوە تێکبچن کە بەهۆی پێشێلکاریی و دارِمانی متمانەوە سەریان هەڵداوە. تاکتیکەکانی چاکبوونەوە دەربارەی ئەوەن کە ئێمە چی دەکەین بۆ یارمەتیدانی تاکەکان و کۆمەڵگاکان بۆ چاکبوونەوە و دادپەروەریی و ئاشتەوایی پاش ڕوودانی پێشێلکارییەکان.

ئەم تاکتیکانە دەستەبەرکردنی پاڵپشتی کردارەکیی دەگرێتەوە، وەک شوێنی مانەوەی سەلامەت یان ڕاوێژکاریی؛ تۆمارکردنی پێشێلکارییەکان، بۆ دڵنیایی لەوەی کە ناتوانرێت پەردەپۆش بکرێن و دەستەبەرکردنی بەڵگە بۆ پرۆسە یاساییەکان؛ هەوڵەکانی یارمەتیدانی قوربانیان بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەریی و قەرەبووکردنەوە؛ هەروەها یادکردنەوەی پێشێلکارییەکان. هەرچەندە ئەم تاکتیکانە سەرنج دەخەنە سەر ئەو شتانەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕێگریی پێشێلکارییەکان بۆ داهاتوو دەگێڕن. ئەوان کۆمەڵگا زیانلێکەوتووەکان بەهێز دەکەن و کۆتایی بەو پارێزبەندییە دەهێنن کە ڕێگە بە پێشێلکارەکان دەدات بێ سزا بمێننەوە، هەروەها پانتاییەک بۆ ئازارەکانی قوربانیان و خێزانەکانیان درووست دەکەن تاوەکوو دانیان پێدا بنرێت و یاد بکرێنەوە.

# تاکتیک
# پاڵپشتی مادیی و
# دەروون کۆمەڵایەتی

ئەو کەسانەی ئەزموونی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، پێویستیان بە پاڵپشتی دەستبەجێ و درێژمەودا دەبێت. ئەو جۆرە پاڵپشتییەی پێویستە بەگوێرەی ئەوەی چی ڕوویداوە دەگۆڕێت. بۆ نموونە، ڕەنگە کەسێک پێویستی بەوە بێت کەسێک لایەوە دابنیشێت کاتێک لە شۆکێکدایە. دەستگەشتن بە چاودێری تەندرووستی یان شوێنێکی سەلامەت بۆ مانەوە؛ ئەو کەسانەی بەهۆی توندوتیژییەوە ئاوارە بوون ڕەنگە پێویستیان بە خانووبەرەی کاتی و خۆراک هەبێت؛ هەروەها ئەو مرۆڤانەی بەهۆی تراوماوە ئازار دەچێژن پێویستیان بە پاڵپشتی دەروونی درێژمەودا هەیە.

دەتوانرێت زۆرێک لەو سەرچاوانەی بۆ چاودێری کەسەکان پێویستن لە ڕێگەی تۆڕە نافەرمییەکانی پاڵپشتی لە ناو کۆمەڵگاکاندا بدۆزرێنەوە. هەروەها بەهێزکردنی ئەم سیستمی بەرگریە دەتوانێت لە بونیادنانی خۆڕاگریی کۆمەڵگادا بەشدار بێت. لە هەمان کاتدا، گرنگە داوا بکرێت کە دەوڵەت بەرپرسیارییەتی خۆی بۆ چاودێرییکردنی ئەو هاوڵاتییانە جێبەجێ بات کە مافەکانیان پێشێل کراوە.




PHOTO DENYS SMYRNOV / ALAMY STOCK PHOTO

# یۆگا و دۆستایەتی بۆ ڕزگاربووانی دەستی داعش، عێراق

ئێزدییەکان پێکهاتەیەکی ئاینی نەریتین و نیشتەجێی باکووری عێراقن کە ئاینەکەیان لەژێر کاریگەریی نەریتەکانی پێش ئیسلامیی، ئیسلامیی و مەسیحیەت و زەردەشتیدانە. ئێزدییەکان بۆ چەند سەدەیەک گۆشەگیر کران، لەم دواییانەشدا لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)ەوە.

لە ساڵی ٢٠١٤دا، عەزیزە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بەدیل گیرا و ناچارکرا ببێت بە موسوڵمان. ئەو پاش ٤ ساڵ ڕزگاری بوو بەڵام تووشی فشاری دەروونی پاش تراوما بووە و ژیانی بەبێ خێزانەکەی زۆر بە سەختی بەڕێ دەکات کە زۆرینەیان بەرەو ئەڵمانیا کۆچیان کردووە. لە ٢٠١٩، بەشداریی وانەیەکی یۆگایان کرد کە لەلایەن ڕێکخراوی WEPO کە ڕێکخراوێکی ناحکومەییە، دەستەبەر کرابوو. پۆلەکان شوێنێکی سەلامەتن بۆ ژنانی ئاوارە تاوەکوو پشوو بدەن و گفتوگۆی هەستەکانیان و هاوڕێیەتی لە ژینگە نوێیەکەیاندا بکەن.

> عەزیزە دەڵێت "یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ دەربازبوون لە ڕاستی. لێرە هاوڕێیم درووست کرد."

لمصدر: www.kurdistan24.net

# تاکتیک
# بەڵگەنامەکردنی پێشێلکارییەکان

بەڵگەنامەکردنی پێشێلکارییەکان درووستکردنی تۆمارێکی هەمیشەیی و گشتیی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ و دەرەنجامەکانیان دەگرێتەوە. دەکرێت ئەمە بە مانای بەڵگەنامەکردنی ڕاستییەکانی ئەو شتانە بێت کە لە ڕەوشێکی تایبەتییدا ڕوویانداوە یان بەڵگەنامەکردنی کاریگەرە نەرێنییەکانی یاسا و ڕێسا و ڕێگاکانی کارکردن کە بە شێوەیەکی فراوانتر جیاکاریی مافەکان دەکەن، سنوورداریان دەکەن یان پێشێلیان دەکەن.

بەڵگەنامەکردن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ ناتوانرێت پەردەپۆش بکرێت زۆر گرنگە، هەروەها بناغەیەکی گرنگ بۆ چەندین تاکتیکی تر پێکدەهێنێت. دەتوانرێت سوود لە چیرۆک و بەڵگە کۆکراوەکان وەربگیرێت بۆ:

- بۆ داواکردنی دادپەروەریی و قەرەبووی قوربانیان لە پرۆسە یاساییەکاندا.
- بۆ هاوکاریی قوربانیان تا یادی ئەو شتانە بکەنەوە کە ڕوویانداوە.
- وەک بنەمایەک بۆ داکۆکیی بۆ ڕازیکردنی بڕیاردەران تاوەکوو ڕووبەڕووی هۆکاری پێشێلکارییەکان ببنەوە.
- هۆشیارکردنەوەی گشتی لە کێشەکان و کۆکردنەوەی خەڵک بۆ بەشدارییکردن لە هەڵمەتەکاندا.




**PHOTO** NAHLA CENTER FOR EDUCATION AND RESEARCH

خۆبەخشانی PRVI باس لە کارەکانیان دەکەن

# تۆمارکردنی تاوانەکانی ڕق و کینە، بۆسنە هەرزەگۆڤینا

لە کۆتایی جەنگی بۆسنەدا لە ساڵی ١٩٩٥، دیمەنی ئاینیی وڵاتەکە گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. هەندێک ناوچەی زۆرینە موسوڵمان بوون بە ناوچەی زۆرینە مەسیحی وە بە پێچەوانەشەوە. گرژییە ئاینیی و نەژادییەکان هەروا ماونەتەوە و ئەو کەسانەی دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش ڕووبەڕووی پێشێلکاریی دەبنەوە.

PRVI گرووپێکی خۆبەخشن کە ڕاپۆرتی میدیا ناوخۆیی و نیشتیمانییە متمانەپێکراوەکان بۆ تۆمارکردنی پێشێلکارییەکانی ئازادیی ئایین یان باوەڕ بەکاردەهێنن. ئەوان ڕووداوەکان لە ڕیزبەندێکی ساڵانەدا کۆدەکەنەوە و پۆلێنیان دەکەن و بۆ دەسەڵاتداران و میدیاکان لە بۆسنە و دەزگا نێودەوڵەتییەکانی دەنێرن. خۆبەخشەکان پێیان وایە تیشک خستنە سەر ڕووداوەکان لە ناوخۆ و دەرەوەدا دەتوانێت فشاری گۆڕانکاریی درووست بکات.

> ئێمینا، خۆبەخشی PRVI دەڵێت "پێموایە هەموو کردارەکانمان جیاوازی درووست دەکەن، گرنگ نییە چەند بچووک دەرکەون."

سەرچاوە: ئێمینا فرلجاک، PRVIو ناوەندی نەهلە بۆ پەروەردە و توێژینەوە




تابلۆیەکی ئاگادارکردنەوەی موسوڵمانەکان لە سنووردارکردنی مافی چوونەژوورەوە بۆ گوندێک لە ویلایەتی شان، میانمار.

**PHOTO** BHRN

# توثيق الانتهاكات، ميانمار

تۆڕی مافی مرۆڤی بۆرما (BHRN) ڕێکخراوێکی بنەڕەتییە، کار بۆ تیشکخستنە سەر ڕەوشی موسوڵمان و کەمینە ئاینییەکانی تر لە میانمار دەکات. لە ٢٠١٦، چالاکوانانی تۆڕی مافی مرۆڤی بۆرما لە سەرانسەری وڵاتدا سەدان شایەتیان دا. دۆزینەوەکان بریتی بوون لە پەڕاوی ڕێگریی لە موسوڵمانەکان بۆ وەرگرتنی ناسنامە، ڕێگریی لە دەسەڵاتداران بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتە زیانلێکەوتووەکان و بەرزبوونەوەی بەرچاوی ژمارەی ئەو گوندانەی قەدەغەی چوونەژوورەوەی موسوڵمانان دەکەن. هەروەها تۆماری ئەو ڕەوشانەیان کردووە کە ڕووبەڕووی نزیکەی ١٢٠،٠٠٠ موسوڵمانی نەژادی ڕۆهینگیا بووەتەوە کە لە کەمپەکانی ئاوارەی ناوخۆییدا دەستبەسەر کراون و جوڵە و دەستگەشتن بە چاودێری تەندرووستی و پەروەردەیان سنووردار کراوە. هەروەها توندوتیژیی و گۆشەگیریی دژی کۆمەڵگەی ڕۆهینگیا لە ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧دا هەڵکشا و بووە هۆی کۆچکردنی نزیکەی ٨٠٠،٠٠٠ ڕۆهینگیا بەرەو بەنگلادیشی دراوسێ.

" ئێمە بەڵگەکانمان کۆکردەوە و بڵاومان کردنەوە تاوەکوو بتوانین بەشێوەیەکی کاریگەر قەبارەی کێشەکە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بخەینە ڕوو."
کیاو وین، تۆڕی مافی مرۆڤی بۆرما

المصدر: شبكة حقوق الإنسان في بورما www.bhrn.org.uk

# تاکتیک
# داواکردنی دادپەروەریی
# و قەرەبووکردنەوە

ئەرکی دەوڵەتە دڵنیایی بدات لەوەی مرۆڤەکان لە کاتی پێشێلکردنی مافەکانیان دەستیان بە دادپەروەریی دەگات. قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و خێزانەکانیان، هەروەها سزادان و شەرمەزارکردنی دەستدرێژیکارەکان ناتوانێت ئەو هەڵەیەی ئەنجام دراوە بە تەنیا نارەوا بکات، بەڵام ئەرکێکی گرنگ بەجێ دەگەیەنن. قەرەبووکردنەوە دەتوانێت یارمەتی قوربانیان بدات پشت بەخۆیان ببەستن، ئەمە لە کاتێکدا سزادان پەیامێکی ئاشکرا دەگەیەنێت کە رێگە بە پێشێلکردنی مافەکان نادرێت، ئەمەش یارمەتی بەرەنگاربوونەوەی کەلتووری پارێزبەندیی دەدات، کە زۆربەی جار لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات.

ئەم تاکتیکە بەشێکی سەرنج دەخاتە سەر یارمەتیدانی قوربانیان تاوەکوو سیستمی یاسایی بەکاربهێنن بۆ دەستگەشتن بە دادپەروەریی و قەرەبوو- بۆ نموونە بە یاوەرییکردنیان لە پرۆسەی ڕاپۆرتکردنی تاوانەکان یان فەراهەمکردنی رێنمایی یاسایی و هاوکاریی. بەڵام دەکرێت لە دەرەوەی پێکهاتە یاساییەکانیشدا کردەوەی دژ بە نادادپەروەریی ئەنجام بدرێت. چەندین رێگەی داهێنەرانە هەن بۆ دەرخستنی پێشێلکارییەکان و لێپرسینەوە لە تاوانکارەکان- بۆ نموونە بەکارهێنانی میدیا یان سۆشیاڵ میدیا.



مەراسیمی کاو دای


**PHOTO** All Canada Photos / Alamy Stock Photo

# هاوکاریی یاسایی بۆ قوربانیانی دەستدرێژیی، ڤێتنام

لە ڤێتنام حکومەت بە توندی جڵەوی چالاکییە ئاینییەکان دەکات، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی ئاینیی دڵسۆزی حکومەتی درووست کردووە و چاوەڕوان دەکرێت مرۆڤەکان پێیانەوە پابەند بن. دەکرێت ئەو کەسانەی لە ڕێی کۆمەڵگا ئاینییە سەربەخۆکانەوە کار بە ئاینەکەیان دەکەن، ڕووبەڕووی هەراسانکردن ببنەوە.

ڕێکخراوی BPSOS کە ڕێکخراوێکی ڕەوەندی ڤێتنامییە، بەشداریی بە پارێزەرێک کرد بۆ پێشکەشکردنی یەکێک لە شوێنکەوتووە سەربەخۆکانی کاو دای، کە لەلایەن ئەندامانی گرووپی کاو دای کە دەوڵەت سزای دابوو، هێرشی جەستەیی کرابووە سەر، ئەمە پاش ئەوەی ئەو ئەندامە و هاوڕێ شوێنکەوتووەکانی کاو دای بەرەنگاری هەوڵی ئەو گرووپە بۆ دەستبەسەرداگرتنی پەرستگاکەیان بوونەوە. لە ئەنجامدا، ژنەکە لە ڕێگەی سیستمی یاسایی قەرەبووی دارایی بەدەست گەشت و گرووپی کاو دای کە لەلایەن دەوڵەتەوە سزا درابوو، هەوڵی دەستبەسەرداگرتنەکەیان وەستاند. ئەمە تەنیا سەرکەوتنێک نەبوو بۆ ژنەکە، بەڵکوو ئومێدێک بوو بۆ ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە وڵاتەکەدا، ئەمە بەو پێیەی دەسەڵاتی دادوەریی ڤێتنام زۆر سیاسییە.

المصدر:BPSOS, www.bpsos.org




دادگای دەستووریی یەکگرتووی ڕووسیا

**PHOTO** OLEG BELOV / ALAMY STOCK PHOTO

# بەرەنگاریی یاسایی بۆ پێبژاردن بەهۆی پەرستن، ڕووسیا

لە ڕووسیا، دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا پێبژاردنی کارگێڕییان بەسەر ئەو کۆمەڵگا ئاینییانەدا سەپاندووە کە لە ماڵە تایبەتییەکانی خۆیاندا کۆدەبنەوە، بەهۆی 'خراپبەکارهێنانی پارچە زەوییەکە'.

لە ساڵی ٢٠١٩، پارێزەرانی شارەزا لە ئازادیی ئاین یان باوەڕ، بە سەرکەوتوویی بەرگرییان لە کۆمەڵگەیەکی ئاینیی کرد کە ناڕەزایەتییان بەرانبەر ئەو پێبژاردنانە دەربڕی. دادگای دەستووری بە کۆی دەنگ بڕیارێکی دەرکرد کە ڕێکخراوە ئاینییەکان مافی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی پەرستن و نەریتی ئاینییان لە شوێنەکانی نیشتەجێبووندا هەیە، ئەمەش بێ هیچ بەربەستێک. ئەم بڕیارە توانای ڕوونکردنەوەی چوارچێوەی یاسایی ڕووسیای هەیە دەربارەی کۆبوونەوەکانی پەرستن لە دەرەوەی باڵەخانە ئاینییە دانپێدانراوە فەرمییەکان و بەم شێوەیەش پێشینەیەک بۆ پاراستنی مافی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دادەنێت.

سەرچاوە: ناوەندی سلاڤی بۆ یاسا و دادپەروەریی، www.sclj.ru

# تاکتیک
# یادکردنەوە

هەندێک جار پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بێدەنگییەکی بەکۆمەڵ دەئافرێنێت.
ڕەنگە دەسەڵاتداران هەوڵی بێدەنگکردنی پێشێلکارییەکان بدەن بۆ پاراستنی تاوانکارە کاریگەرەکان، یان بۆ ڕزگارکردنی شکۆیان؛ ڕەنگە سەرکردەکانی کۆمەڵگە وابیرکەنەوە کە باشتربێت باس لە هاوسەنگیی بکرێت وەک لە باسکردنی ئاشکرای ئەو پێشێلکارییانەی ئەزموون کراون؛ هەروەها قوربانیانی توندوتیژییە زایەندییەکان ڕەنگە بەهۆی کەلتووری شەرمەزارییەوە بێدەنگ بکرێن.

ئەو برینانەی وا چارەسەر ناکرێن، دەگەنن. کۆمەڵگە خۆڕاگر و دادپەروەر و ئاشتەواکان تەنیا کاتێک بەدەست دێن کە دان بە نادادپەروەییەکاندا بنێن و گوێ لە دەنگی قوربانیان بگرن و دەرفەتێک بە تاوانکارەکان بدەن تا دان بە هەڵەکانیاندا بنێن و هەوڵی گۆڕانکاریی بدەن. لە ڕەوشەکانی ململانێ، زۆربەی جار قوربانی و تاوانباران لە هەموو لایەکەوە بوونیان هەیە .

دەکرێت یادکردنەوە بە چەندین شێوە ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە بۆنە ساڵانەییەکانی یادکردنەوە؛ دانیشتنە گشتییەکان کە تێیدا ئەوانەی بەشدارن چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە؛ پێشانگای وێنە و چیرۆک و تۆمارەکان یان هونەری سەر شەقام و مۆسیقا.




مۆنۆمێنتی قوربانیانی کۆمەڵکوژیی نازییەکان لە بابین یار.

**PHOTO** SERGIY PALAMARCHUK / ALAMY STOCK PHOTO

# یادکردنەوەی هۆلۆکۆست، ئۆکرانیا

لە ٢٩ و ٣٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤١دا، ٣٣،٧٧١ جولەکە لە دۆڵی بابین یار لە ئۆکرانیا گولەباران کران. ئەو کۆمەڵکوژییە بە ئاستەم لە سەردەمی سۆڤییەت دا ناسێندرا بەڵام لەو سەردەمەوە وەبیردەهێنرێتەوە و ئێستاش ساڵانە یادی دەکرێتەوە.

ڕووبەڕووبوونەوەی جولەکەکانی ئۆکرانیا ڕێکخراوێکی ناحکومییە کار بۆ بەرهەمهێنانی گێڕانەوەی مێژوویەکی هاوبەش دەکات- باسێکی مێژوویی ڕاستگۆیانەی پەیوەندییەکانی ئۆکرانیی و جولەکەکان- هەروەها بۆ ئاماژەدان بە برینە مێژووییەکان، بۆ نموونە بە گەڕاندنەوەی هۆشیاریی سەبارەت بە ژیانی جوولەکەکان پێش جەنگ لە ئۆکرانیا. لە ساڵیادی ٧٥ ساڵەی کۆمەڵکوژییەکەدا، UJE بەرنامەیەکی هەفتەیی چالاکییەکانی ڕێکخست، کە بریتی بوو لە کۆنفرانسی گەنجان، سیمپۆزیۆمی گشتی و ئۆپێرایەک بۆ یادکردنەوەی کۆمەڵکوژییەکە.

سەرچاوە: ڕووبەڕووبوونەوەی جولەکەکانی ئۆکرانیا، ukrainianjewishencounter.org